*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Impact of the Tact Skill in the ABLLS-R Program on Language Development in Children with Autism Spectrum Disorder

**Asst. Prof. Dr. Sazan Radha Moen*[1]**
**Salahaddin university/College of Basic Education/Kurdish language**
sazan.moen@su.krd.edu

**Received:** 08/09/2025, **Accepted:** 22/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

Tact is a core skill in Skinner's analysis of verbal behavior and a key component of the Assessment of Basic Language and Learning Skills – Revised (ABLLS-R) program. This study examines the role of tact in supporting children with autism spectrum disorder (ASD) to use language more effectively and systematically. Research indicates that tact training expands vocabulary, strengthens the link between words and environmental stimuli, and enhances the ability to express objects and events clearly, Additionally, tact practice promotes the generalization of language skills to new contexts beyond the direct training environment, contributing to overall linguistic improvement. Emphasizing tact in educational and therapeutic interventions provides an effective strategy for fostering communication, supporting cognitive-linguistic development, and enabling children with ASD to engage more successfully in social and learning contexts. The findings highlight tact as a crucial tool in promoting structured language use and facilitating meaningful interactions for children with ASD.

**Keywords:** Tact, Autism Spectrum, ABLLS-R Program, Verbal Behavior

[1] **Corresponding Author:** Sazan Radha Moen**, E-mail:** sazan.moen@su.krd.edu
**Affiliation:** Salahaddin university - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4

# أثر مهارة التسمية (Tact) ضمن برنامج ABLLS-R على تطور اللغة لدى أطفال اضطراب طيف التوحد

أ.م.د. سازان رضا معين

جامعة صلاح الدين /كلية تربية الاساس /قسم اللغة الكردية

**المستخلص**

تُمثل التسمية، كما وُضِعَت في تحليل سكينر للسلوك اللفظي، أحد أهمّ العوامل اللفظية، وقد أُكِّدَ على أهميتها بوضوح في برنامج تقييم مهارات اللغة والتعلم الأساسية - المُنقَّح (ABLLS-R). تعتمد هذه المهارة على قدرة الطفل على تسمية الأشياء والظواهر والأحداث في البيئة استجابةً للمحفزات غير اللفظية، مما يُشكِّل حجر الأساس في تطوير التواصل اللفظي المُنظَّم. وقد أظهرت الدراسات التجريبية أن تدريب الأطفال المصابين باضطراب طيف التوحد (ASD) على التسمية يُسهم في توسيع مفرداتهم، ويدعم قدرتهم على ربط الكلمات بالمفاهيم، ويُعزِّز تفاعلاتهم الاجتماعية من خلال تمكينهم من التعبير عمّا يُلاحظونه أو يختبرونه في محيطهم. كما تُشير الممارسات التربوية إلى أن الاستخدام المُستمر لاستراتيجيات التعزيز أثناء تدريب التسمية يُسهِّل اكتساب هذا السلوك اللفظي ،وتعميمه في سياقات جديدة ، في إطار ABLLS-R، لا يُنظر إلى التسمية على أنها مهارة لغوية معزولة، بل بااعتبارها نقطة دخول أساسية للتعلم المستمر وتعزيز التطور المعرفي والسلوكي بين الأطفال المصابين باضطراب طيف التوحد.

**الكلمات المفتاحية:** التسمية ،طيف التوحد ،برنامج ايبلز-ر ،السلوك اللفظي.

# کاریگەری کارامەیی ناونان (Tact) ،لەناو بەرنامەی ABLLS-R ،لەسەر گەشەکردنی زمان لە منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم

پ.ی.د.سازان ڕەزا موعین

زانکۆی سەڵاحەدین /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی /بەشی زمانی کوردی

**پوختە**

ناونان، یاخود(tact)، وەک لە شیکاری سکینەر بۆ ڕەفتاری زارەکی پێناسە کراوە، نوێنەرایەتی یەکێک لە گرنگترین هۆکارە زارەکییەکان دەکات،گرنگییەکەی لە هەڵسەنگاندنی کارامەییە بنەڕەتییەکانی زمان و فێربوون-لە ئێبلز -ر،دا وەشانی پێداچوونەوە (ABLLS-R)دا, بە ڕوونی جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەم کارامەییە پشت بە توانای منداڵ دەبەستێت بۆ ناونانی شت و دیاردە و ڕووداوەکانی ژینگە وەکو وەڵامێک بۆ هاندەرە نازارەکییەکان ،کە بەردی بناغەی گەشەکردنی پەیوەندی زارەکیی ڕێکخراو پێکدەهێنێت. توێژینەوە ئەزموونییەکان دەریانخستووە کە ڕاهێنانی منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم (ASD ) کارامەیی ناونان ،ئاستی وشەسازییان فراوانتر دەکات،پاڵپشتی توانا زمانییەکانیان دەکات بۆپەیوەستکردنی وشەکان بە چەمکەکانەوە،ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێزدەکات لەڕێگەی توانای گوزارشتکردنیان لەو شتانەی لە ژینگەکەیاندا ،تێبینی ،یان ئەزموونیان دەکەن،پرۆگرامە پەروەردەییە کارەکییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی بەردەوامی ستراتیژییەکانی بەهێزکردن لە کاتی ڕاهێنانی ناوناندا ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنان و

گشـــتاندنی ئەم ڕەفتارە زارەکییەو،دووبارە بەکارهێنانەوەی لە دەوروبەری نوێدادەکات. لە چوارچێوەی ئێبلز-ڕ،دا،ناونان وەک کارامەییەکی دابڕاولە زمان ســـەیر ناکرێت،بەڵکو وەک خاڵێکی بنەڕەتیی بۆ فێربوونی بەردەوام و گەشـــەکردنی مەعریفی و ڕەفتاریی لە نێوان منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم هەژمار دەکرێت.
**کلیلە وشە کان:** ناونان ،شەبەنگی ئۆتیزم ،پرۆگرامی ئێبلز-ڕ ،ڕەفتاری زارەکی.

**پێشەکی :-**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:-**

ناونیشـــانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(کاریگەری کارامەیی ناونان (Tact) ،لەناو بەرنامەی ABLLS-R ،لەســـەر گەشەکردنی زمان ،لە منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم)دا تێیدا تیشک دەخرێتە سەر کاریگەرییە زمانییەکانی کارامەیی ناونان لەسەرگەشەکردنی توانا زمانییەکانی منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم.

**-گرنگی توێژینەوەکە:-**

کارامەیی ناونان ڕۆڵی ســـەرەکی هەیە لە گەشـــەکردنی زمانی دەربڕیندا لای منداڵانی تێکچوونی شـــەبەنگی ئۆتیزم ،هاوکارێکی بەهێزە بۆناسـینەوەی شـت و،ڕووداوەکانی دەوروبەریان و بە شـێوەی زارەکی گوزارشـت لەوشـتانە بکەن ، ئەمەش پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا بەهێزدەکات و پاڵپشـــتی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات و توانای بەشـــداریکردنیان لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا زیاد دەکات ،هەروەها ناونان یارمەتی منداڵ دەدات بۆ دروســـتکردنی متمانە بەخۆبوون ،هانیان دەدات،دەست بەقسەکردن بکەن ئەمەش هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی کارامەییە زمانییە فراوانەکان.

**-گرفتی توێژینەوەکە :-**

زۆرێک لە منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم (ASD) تووشی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە لە گەشەپێدانی زمانی دەربڕین و پەیوەندی کاریگەرانەیان لەگەڵ کەسانی ترو،دەوروبەریانداو،ڕاستەوخۆکاریگەری نەرێنی لەسەر(کەسایەتی ودەروونیان و ،کارلێکی کۆمەڵایەتی و،ســەربەخۆیی لە ژیانی ڕۆژانە و،توانای فێربوونیان)داهەیە،یەکێک لە دیارترینی ئەو ســەختییانە ،نەتوانینی ناوهێنانی کەس و،شـت و ،ڕووداوەکانە ،دەبێتەهۆی سـنوردارکرنی توانای دەربڕینی پێداویسـتی و بیرکردنەوە و هەسـتەکانیان،ناچاریان دەکات زیاتر پشـت بە ئامرازە نازارەکییەکانی پەیوەندیکردن ببەسـتن،وەک ئاماژەو جووڵەی جەسـتە ،ســەرەڕای بەکارهێنانی بەرنامەکە بەشـێوەیەکی چرو پراکتیک کردنی لەلایەن مامۆسـتایانەوە ، بەڵام هێشـتا بۆشـایی وکەم کورتی لەزانیاریدا سەبارەت بە کاریگەرییەکەکانی ناونان لە باشترکردنی ئەدای زمانی ئەم منداڵانەدا ماوە.

**-ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشت بەڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە .

**سنوری توێژینەوەکە:-**

ســـنوری ئەم توێژینەوەیە تەنها کارامەیی ناونان (tact)ی وەرگرتووە لەناو١٥ کارامەیی تری بواری یەکەمی پرۆگرامی ئێبلز-ڕ،دا.

**- ئامانجی توێژینەوەکە:-**

١-دەرخســتنی ڕۆڵی گرنگی کارامەیی ناونان (Tact) لە گەشـــەکردنی زمانی دەربڕین لە منداڵانی تێکچوونی شـــەبەنگی ئۆتیزم.

٢- شـیکردنەوەی کاریگەری کارامەیی ناونان لەســەر توانای پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵ و کارلێککردنی لەگەڵ کەســانی تردا.

٣- دیاریکردنی ڕادەی پەیوەســـتی ناونان بە باشـــتربوونی ئەدای کارکردن لە کارامەییە زارەکییەکانی تری ناو پرۆگرامی ئێبلز -ڕدا .

٤-نیشـــاندانی گرنگی ناونان وەک کارامەیییەکی بنەڕەتیی بۆپێشـــخســـتنی ســـەربەخۆیی لە ژیانی ڕۆژانە و چالاکییە پەروەردەییەکاندا.

**پلانی توێژینەوەکە :-**

توێژینەوەکە جگە لەپێشـــەکی،پوختەوئەنجامەکان دووبەش لەخۆدەگرێت ،بەشـــی یەکەم تایبەتە بە چەمک وپێناســـەی چەند زاراوەیەک،شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم ،پرۆگرامی ئێبلز -ڕ،کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون و،زمان .

**بەشی یەکەم**

شەبەنگی ئۆتیزم (ASD) ،یاخود تێکچوون لە گەشەکردندا، لەئێستادا وناسراوە یەکێکە لە ئاڵۆزترین تێکچوونەکانی گەشەکردن ,تایبەتمەندە بە کۆمەڵێک کێشەی بەرچاولەڕەفتارو پەیوەندی زارەکی و نازارەکیدا، هەبوونی کەموکورتی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری دووبارەی خووئاسادا . توێژەران و پزیشکان و تەنانەت مامۆستایان و دایکان و باوکانی نیگەران کردووە لە سروشت و هۆکارەکانی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەم تێکچوونانەیان تێدابەدی دەکرێت. شەبەنگی ئۆتیزم تاڕادەیەکی زۆر بە نەخۆشی سەردەم دادەنرێت (دنیا،٢٠٢١، ٢٧) ئاڵۆزی حاڵەتەکەوناوازەیی ڕەفتارو،لەهەمان کاتداهەمەجۆری ڕەفتاریی لای ئەم منداڵانەو ،زۆری ژمارەی لێکۆڵینەوە ،لێدوانی میدیایی جیهانی ،لەهەمووی گرنگتر زۆری ژمارەی کەسانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم وایکردووە ،وەک دۆزینەوەیەکی نوێ دەرکەوێت بەو ڕێژە زۆرە. شەبەنگی ئۆتیزم یەکێکە لە تیکچوونە بەربڵاوەکان، تایبەتمەندە بە دواکەوتنی توند لە بوارە جیاوازەکانی گەشەکردندا وەک: لاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی،لاوازی و،سنورداری توانای پەیوەندیکردن وهەبوونی کێشە زمانییەکان ،دەستنیسانکردنی هەندێک تێکچوونی ڕەفتاری وەک ڕەفتاری ستریۆتاییStereotyped behaviors ، شەڕانگێزی و زیانگەیاندن بەخود. زۆرێک لە توێژەران ڕوونیان کردۆتەوە،دواکەوتنی گەشەکردن و،خراپی خۆگونجاندن لەکۆمەڵگادا گەورەترین کێشەن کە ڕووبەڕووی منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم دەبنەوە (عبدالرحمان ، ٢٠١٨، ٦٨). یاسای پەروەردەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (IDEA) ئۆتیزم وەک کەم ئەندامی گەشەکردن پێناسە دەکات ،کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندی زارەکی و نازارەکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێش تەمەنی سێ ساڵی دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندنی منداڵەکە دەبێت ،تایبەتمەندییەکانی دیکە بریتین لە ڕەفتارە دووبارەبووە ڕوون و هەمەجۆرەکان و قبوڵ نەکردنی گۆڕانکاری، بەتایبەتی لە ڕۆتینەکانی ڕۆژانەدا، هەروەها کاردانەوەیان بەرامبەر بە ئەزموونە نوێیەکان نائاساییە. زاراوەی "ئۆتیزم" ئەو منداڵانە ناگرێتەوەبەهۆی تێکچوونی سۆزداری توندەوە ئاستی خوێندنیان دابەزیوە (موسی،٢٠١٩،٣٤)، بەگشتی ژیان لەسەر بنەمای پەیوەندیکردن دامەزراوە و بەبێ ئەوژیانکردن مەحاڵ دەبێت،دیاردەیەکی حەتمی کۆمەڵایەتییە هەر لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە وەکوپێویستییەکی سروشتی وهەمیشەیی بووە. دورکهایم پەیوەندیکردنی بە "مێشکی کۆمەڵگا" وەسف کردووە. بەوواتایەی پەیوەندیکردن پێویستییەکی ڕەهایە هیچ تاک و گروپێک ناتوانن بەبێ پەیوەندی ژیان بگوزەرێنن ،دیاردەیەک نییەکە مرۆڤ سەدان یان هەزاران ساڵ لەمەوبەر دۆزیبێتیەوە ،یان دایهێنابێت، بەڵکودیاردەیەکی سروشتی هەبوونی مرۆڤ و،بناغەی شارستانییەت و کەلتووری مرۆڤە .دەستنووسی دەستنیشانکردن و ئاماری تێکچوونە ( DSM5 ) تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمی بە تێکچوونی پەیوەندیکردن ناساندووە،بە هەردوو شێوەی زارەکی و نازارەکییەوە( American Psychiatric Association,2013,) توێژینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن،دەستوەردانی پێشوەختە و ئامانجدار دەتوانێت جیاوازییەکی بەرچاو لە گەشەکردنی منداڵدا دروست بکات بەتایبەتی لەبواری گەشەی زمان و توانای پەیوەندیکردندا. لەم چوارچێوەیەدا، پرۆگرامی **(**ئێبلز-ڕ**"**کارامەییە بنەڕەتییەکانی زمان و فێربوون-وەشانی-پێداچوونەوە)وەک ئامرازێکی هەڵسەنگاندن و ڕاهێنانی کاریگەر سەریهەڵداوە ،ئامانج لێی بەرزکردنەوەی توانا زمانییەکان و،پەیوەندیکردنە لە ڕێگەی شیکارییەکی وردی ئاستی ئەنجامدان لە ئەرک و پێناسە و چەمکی بنەڕەتییدا.

**١- چەمک وپێناسەکان:-**

**١- ١چەمکی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم :-**

(Autism Spectrum Disorder – ASD) حاڵەتێکی ئاڵۆزی گەشەکردنی دەمارەکانە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئاسایی مێشک هەیە،لەو بوارانەی پەیوەستن بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و،توانای پەیوەندیکردنەوە. بەزمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت "Spectrum سپێکترۆم"،بە زمانی عەرەبی (طیف )و،بەزمانی کوردی زاراوەی (شەبەنگ) ی بۆدانراوە، چونکە کۆمەڵێک نیشانە و توانا و ئاستی کارکردنی بەرفراوان لەخۆدەگرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تری تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم جیاوازن.

١- پێناسەی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆزانستی دەروونناسی(DSM) :-

ئۆتیزم شڵەژانی گەشەکردنی دەمارەکانە بە کێشەی کەم وکورتی بەردەوام لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردن لەدەورەبەرە هەمەجۆرەکاندا دەناسرێتەوە،لەگەڵ شێوازە سنوردارو دووبارەبووەکانی ڕەفتاروئارەزوو،چالاکییە سنوردارەکاندا لە سەرەتای منداڵیدا دەردەکەون ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەبوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وفێرکردن وپیشەیی تاکدا دروست دەکات. American Psychiatric Association (2013) ."".

٢ .پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:(WHO) :-

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4**

"ئۆتیزم نەخۆشـــییەکی گەشـــەیی بەربڵاوە و لە منداڵیدا ســـەرهەڵدەدات و تایبەتمەندە بە کەموکورتی بەردەوام لەتوانای دەسـتپێکردن، تێگەیشـتن ،پاراسـتن لەئاخاوتن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەریدا ،هەروەها بوونی شـێوازوچالاکییە سنوردارو دووبارەبووەکانی ڕەفتاریان ،نیشـانەکانی لەتەمەنێکی کەمدا دەردەکەوێت لەوانەیەئەونیشـانانە لەسـەرەتادا ڕوونیش نەبن ،تائەوکاتەی کەتوانای منداڵەکەدا لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژینگە "کۆمەڵایەتی و،فێرکردندا" تاقیدەکرێتەوە . World (Health Organization ,2023).

٣ .پێناسەی کۆمەڵەی نیشتمانی بەریتانی بۆ ئۆتیزم:--

"ئۆتیزم حاڵەتێکە کاریگەری لەسەر چۆنێتی هەستکردن بە جیهان و کارلێککردنی لەگەڵ کەسانی تردا هەیە، نەخۆشییەکی شـەبەنگییە،واتە کاریگەرییەکانی لەکەسـێکەوەبۆ کەسـێکی تری توشـبوو بەشـێوەیەکی جیاوازدەردەکەوێت . National ) Autistic Society,2025)

٤-عبداللە زریقات بەم شێوەیە دەیناسێنیت" ئۆتیزم شلەژانێکی گشتیی گەشەیە،بۆئەوەی دەستنیشانی ئۆتیزم بکەیت لەمنداڵێکدا پێویســـتە"٦ "نیشـــانە لە کۆی"١٢"نیشـــانەی بنەڕەتیی لەومنداڵەدا هەبێت،دابەشـــکراوە بەســـەر ســـێ پۆلی گشـــتیدا، وەک لەدەستنووسی دەستنیشانکردن وئاماری تێکچوونە دەروونییەکانDSM5 دائاماژەی پێکراوە.( زریقات،٢٠١٦، ٢٣٠)، ئەو پۆلانەش بریتین لە:

١ -کورتهێنانی تایبەت لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٢-کورتهێنانی تایبەت لە پەیوەندیکردندا.

٣-جۆرەها ڕەفتارو،گرنگیدان و،چالاکی دووبارەی سنوردار.

منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم تابەتمەندن بەهەبوونی کێشەی بەردەوام لە دوو بواری سەرەکیدا ئەوانیش پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها شـــێوازو،ڕەفتارە ناوازەکانیان بەپێی شـــێوازی کاردانەوەیان ســـنوردارییی لەگرنگیدان و،چالاکییەکانیان. ئەم تایبەتمەندییانە لە قۆناغی سەرەتای گەشـەکردنی منداڵدا دەردەکەون ودەبنە هۆی تێکچوونی بەرچاو لە لە بوارە کۆمەڵایەتی، پیشەییەکان، یان بوارە گرنگەکانی تری کارکردنی ڕۆژانە و ژیانی کۆمەڵایەتییان.

پێناســـەی ئەمریکی فیدراڵی ئاماژە بەوە دەکات، ئۆتیزم کەم ئەندامییەکی گەشـــەکردنە ،کاریگەرییەکی بەرچاوی لەســـەر پەیوەندی زارەکی و نازارەکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە ،پێش تەمەنی ســێ ســاڵی ســەرهەڵدەدات و،کاریگەری نەرێنی لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکە پەروەردەییەکان هەیە. تایبەتمەندییەکانی ئۆتیزم بریتین لە تێکچوونی پەیوەندیکردن، سەرقاڵبوون بە چـالاکییە دووبـارەبووەکـان ، ڕەتکردنەوەی گۆڕانکـاری ژینگەیی یـان،ڕەتکردنەوەی گۆڕانکـاری لە ڕۆتینی ڕۆژانەدا وکاردانەوەی نائاسـاییی بۆ ئەزموونە هەسـتییەکانیان (American Psychiatric Association2013 ). لە سـەرەتای چلەکاندا، کانەری ئەمریکی (kanner)بۆ یەکەمجار باســـی ئەم تێکچوونەی کرد،ئۆتیزمی وەک نەخۆشـــییەکی دەروونی پێناسـەکرد،چونکە ئەو منداڵانەی بەدەسـتییەوە دەناڵێنن خۆیان بۆ جیهانێکی خەیاڵی دەکشـێننەوە،ئەم ڕەفتارەش واناسـراوەکە تایبەتمەندی ئەوکەسانەن کە تووشی شیزۆفرینیا بوون (Kanner, 1943,21 ) ,دیارە هۆکارەکانی ئۆتیزم جێی مشتومڕن ،بەگشـتی تا ئێسـتاش بە باشـی لەحاڵەتەکە تێنەگەیشـتوون،لەبەر ئەوەی منداڵانی ئۆتیزم بەدەست کەم وکورتییەکانەوە دەناڵێنن بە نزیکەیی لەهەموو لایەنە سـەرەتاییەکانی گەشـەکردندا،ئێسـتا ئۆتیزم وەک نەخۆشـییەکی گەشـەسـەندنی بەربڵاو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها لە سـەرەتای سـاڵانی چلەکاندا، هانس ئاسـپێرگەر،پزیشـکی دەروونی نەمسـایی،باسـی کۆمەڵێک نیشـــانەی کردو ناوی لێنا جیابوونەوەی ئۆتیزم. لەو ڕۆژەوە،ئەدەبیاتی پزیشـــکی و پەروەردەیی هەندێک جار زاراوەی نەخۆشی ئاسپێرگەر بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە ئۆتیزم.

**١-١-٢ - پرگرامی ئیبلز-ڕ :ABLLS-R**

ئیبلز- ڕ،کورتکراوەی: – ABLLS-R The Assessment of Basic Language and Learning Skills Revised. بەواتای هەڵســـەنگاندنی زمان و کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون زمان-پێداچوونەوە لەپرۆگرامی ئێبلزدا پیتی (ڕ- R ) بۆدانراوە ،کورتکراوەی" Revised" بەواتای پێداچوونەوە دێت ،ئەی پیداچوونەوە بۆچی ؟پرۆگرامە بنەرەتییەکە بریتی بووڵە ABLLS – Assessment of Basic Language and Learning Skills ،واتە هەڵســـەنگاندنی کـارامەییە بنەڕەتییەکـانی زمـان وفێربوون ،پـاشـــان د.جیمس بـارتیـب James W. Partington لەســـاڵی ٢٠٠٦ دا ،پێداچوونەوەی تێدا ئەنجامداو،وشـەی " Revised "ی ،بۆزیادکرد بۆئەوەی ببێت بەهەڵسـەنگاندنی کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون -زمان-پێداچوونەوە.

دکتۆر جەیمس دبلیو پـارتینگتۆن James W. Partington پســـپۆڕێکی پێشـــەنگە لە بواری شـــیکـاری ڕەفتـاری پراکتیکی (ABA)و زیاتر لە ٤٠ سـاڵ ئەزموونی پیشـەیی ،کارکردنی ،لەگەڵ منداڵانی ناسـراوبەتێکچوونی گەشـەکردن، بەتایبەتی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمدا هەیە.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4**

خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە دەروونناسی و شیکارکاری ڕەفتاری باوەڕپێکراو BCBA-D بەشداربووە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی چەندین ناوەندی چارەسەری تایبەتمەندی بە تێکچوونی پەیوەندیکردن و،چاککردنی ڕەفتاری بۆمندالآن دامەزراندووە ، پارتینگتۆن بەوەناسراوە کە بەشداریی بەرچاوی لە گەشەپێدانی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن و پلاندانانی پەروەردەییدا هەبووە، کە یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی کوالێتی چارەسەربە فێرکردن بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ،دیارترین دەستکەوتی پەرەپێدانی پرۆگرامی ٠ئیبلز-ر بوو ،بەهاوکاری مارك ساندبرگ (Sundberg- Mark L) ،لە ئێستادا ئەم پرۆگرامە بووەبە یەکێک لە بەربڵاوترین ئامرازە بەکارهێنراوەکانی جیهان بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیە بنەڕەتییەکانی ،فێربوون ، زمان ،پەرەپێدانی پلانی پەروەردەیی تاکەکەسی. بۆشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەکانی پشتی بە بنەماکانی شیکاری ڕەفتاری کارەکیABA" بەستووە،هەروەها چەندین بڵاوکراوە و توێژینەوەی نووسیووە ، سەرپەرشتی بواری پەروەردەکردنی منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمی لەناوەندەکانی ڕاهێنانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا کردووە ، لە کارەکانیدا سەرنجی لەسەر گرنگی لایەنی کارەکی و زمان کردووە ،جەختی لە دەستوەردانی پێشوەختەدا کردووە، دامەزرێنەروبەڕێوەبەری ناوەندی شیکردنەوەی ڕەفتارییە " Behavior Analysts". لە کالیفۆرنیا . (جیمس، ٢٠١٤، ٥٤).

پاش پێداچوونەوە بەهەندێک لەبوارەکانی پرۆگرامی ئێبلزدا ،ئەوپرسیارە دێتە ئاراوە ،ئایا گۆڕانکاری لە چیدا کراوە ؟ لەکاتێکدا هەمان پێکهاتەی وشەیی و،ڕیزبوونی ڕیزمانیان هەیە و،هەمان واتاش بەدەستەوە دەدات؟وەڵامی ئەو پرسیارەش بەبەراوردی نێوان وەشانی بنەڕەتیی،وەشانی پێداچوونەوەبۆکراودا دەخەینەڕوو:-

وەشانی بنەڕەتی ئێبلز لەساڵی ١٩٩٨بڵاوکرایەوە،لەلایەن پسپۆڕانی بواری پەروەردەی تایبەتەوە پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرابۆ هەڵسەنگاندن وباشترکردنی ڕەفتاروبەرەوپێشچوونی زماندا زۆر پشتیان پێبەست ،بۆمنداڵان دەرئەنجامی پەروەردەیی وئەکادیمی باشی هەبوو ، ئەمەش وایکرد زۆر بەزوویی بەهەمووجیهاندا بڵاوببێتەوە ،بەڵام بڕیاری پێداچوونەوەی لەلایەن د.جیمس وهاوکارەکەی لەبەر چەند هۆکارێک بوو لەوانەش:- (نوعیم، ٢٠٢٦، ٧٢).

**١-١-٣ هۆکارەکانی پێداچوونەوە بەپرۆگرامی ئێبلزدا** -وەشانی بنەڕەتیی:-

١-وەشانی ڕەسەن هەموو کارامەیە وردە پەروەردەیی و، زمانییەکانی نەگرتەوە، چونکە کەموکورتی لەهەندێک وردەکاریی ناوکارامەییەکاندا هەبوو ،بەتایبەت لە بوارەکانی (زمانی کارەکی، یاریکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی) ،بۆیە وەشانی پێداچوونەوە بۆکراو زیاتر فراوانتر کرا بۆ ئەوەی زیاتر لە ٥٠٠ کارامەیی دابەشکراوی سیستماتیکی لەخۆبگرێت.

٢--تێبینی ڕاهێنەران وپەروەردەکاران :بۆ بەدواداچوون و،وەڵامدانەوەی داواکاری ڕاهینەران بوو بۆفەراهەم کردنی ئامرازێک ،کە زیاتروردترو گشتگیرتربێت بۆدەستنیشانکردنی کارامەیە بنەڕەتییەکانی زمان و،فێربوون بۆ منداڵان ،بەتایبەتیش منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم ،چونکە لە وەشانی بنەڕەتیدا جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە تارادەیەک زەحمەت بوو .

٣--ڕێکخستنەوەی ناوخۆیی لە کارامەییەکاندا: کارامەییەکان بە شێوەی ڕیزبەندی و، وردە وردە ڕێکخران ،تاوەکو شێوەی وەگرتنی زانیارییەکان سروشتی بن، ئاسانکاری دەکات بۆ بەدواداچوونی پێشکەوتنی زانیارییەکان.

٤-جیاکردنەوەی ئامرازەکانی هەڵسەنگان (Assessment Protocol) و،ڕێنمایی پرۆگرام (Curriculum Protocol) ،تاوەکو هاوکاری دایکان وباوکان وپەروەدەکاران بکات، لەبەکارهێنانی هەربەشێکی پرۆگرامەکە، بەتەنها یاخود بە تێکەڵاوی،لەوەشانی ڕەسەندا جیاکردنەوە لەنێوان ئەم دووبەشەدا نەکرابوو ،ئەمەش وایکرد مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری چاککردنی ڕەفتار توشی ئاستەنگ ببن لە وەرگێرانی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بۆ پلانێکی پەروەردەیی کاریگەر، لە وەشانی پێداچوونەوەدا ڕێنمایی پەروەردەیی سەربەخۆ دەستنیشانکرا ،بەکارهێنانی بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاسانترە، بەبەراورد بەوەشانی پێشووتر .

٥- وردبینی ونەرمی زیاتربەدی دەکرێت لە بەرەوپێشچوونی هەڵسەنگاندنەکاندا، لە وەشانی بنەڕەتییدا ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن وبەداواداچوون بۆئەدای منداڵێک بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییەکانی بەدەستەوە نەدەدا ،لە کاتێکدا ئێبلز -ڕ،دیزاینێکی ڕوون وشەفافی هەیە خشتەکان و، نمرەکان لەخۆدەگرێت بۆ یارمەتیدانی هێڵکاری گەشەسەندن لە هەر کارامەییەکداو ،ڕێگە بە دووبارە پێوانەکردنەوەی وەرزی و بەدواداچوونی گەشەکردنی ڕاستەقینەی منداڵەکەدەدات.

٦- بەرزکردنەوەی ئاستی لایەنی پراکتیکی ، بەیەکگرتنی سیستەماتیکی بنەماکانی ڕەفتاری شیکاری کارەکی (ABA) لە ڕاهێنان و پێشنیارە پەروەردەییەکاندا.

٧-گۆڕینی ڕەوتە مۆدێرنەکان لە پەروەردەی ڕەفتاریدا:-لەگەڵ پەرەسەندنی بواری شیکاری ڕەفتاری کارەکی (ABA)،چەمکە نوێیەکان سەریان هەڵدا بۆ پێشخستنی فێرکردن و بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لە ڕێگەی

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4

زمانی ئەرکییەوە ،ئەمەش پێویستی بە نوێکردنەوەی پرۆگرامەکە هەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم پێشهاتە زانستیانەدا هاوسەنگ بێت.

٨- فیدباکی پزیشک و پەروەردەکاران:-لە وەشانی پێداچوونەوە بۆکراودا پەرەدراوە بەوەڵامی فیدباکی پزیشک پەروەردەیی و ،ڕاهێنەرانی چاککردنی ڕەفتاردا ،چونکە ئاماژەیان بە کێشەکانی وەشانی ڕەسەن کردووە لەبەکارهێنان و لێکدانەوەیدا.

پەرەپێدانەوەی" ئێبلز"تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێەکانی فێرکردن نەبوو لە وەشانی بنەڕەتیدا، بەڵکو وەک وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو پێشکەوتنە تیۆری و زانستییانەی بواری شیکاری ڕەفتاری کارەکی ،کە پێویستی بە ئامرازێکی کاریگەرتروگشتگیرتر بوو بۆ هەڵسەنگاندن و پلاندانان وبەدواداچوون بۆ کارامەییەبنەڕەتییەکانی زمان و فێربوون .

ئەم گۆڕانکارییە وبەدەستهێنانی گەشەی بەرچاوی منداڵان لە بوارەهەمەجۆرەکاندا وایکردووە ببێتە ئامرازێکی کاریگەرتر و بەکارهێنراوی بەرفراوانتر لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان و ناوەندەکانی ڕاهێنانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

ئێبلز -ر، سیستەمێکی هەڵسەنگاندن و پرۆگرام وبەدواداچوونە، لەسەر بنەمای کارامەییە بنەڕەتییەکانی فیربوون ،زمان و،کارامەییە ئەرکییەکان ،بۆمنداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم ودواکەوتنی گەشەیی دانراوە گەشەکردن. پێداچونەوەیەکی گشتگیر دەکات بۆ ٥٤٤کارامەیی لە ٢٥ بواری کارامەییدا ،هەر کارامەییەک بە پیتێکی ئینگلیزی دەست پێدەکات ،بەم شێوەیەی کە خراوەتە ڕوو:-( رزق، ٢٠٢٣، ٥٧).

**٢-١ کارامەییەکانی ناو پرۆگرامی ئێبلز-ر ،وەشانی پیداچوونەوە:-**

A. -هاوکاری و کاریگەری هاندەرەکان:- "دەستنیشانکردنی توانای منداڵ بۆ وەڵامدانەوەی هاندەرەکان و هاوکاریکردنی مامۆستایان.
B. -ئەدای بینراودیاریکردنی:- دیاریکردنی توانای جیاکردنەوەی شتە بینراوەکان وناسینەوەیان، وەک ناسینەوەی وێنە و شێوەکان.
C. -زمانی وەرگیراو" تێگەیشتنی منداڵ لە وشە و فەرمانەکان".
D. -لاساییکردنەوەی جەستەیی :- توانای منداڵ بۆ لاساییکردنەوەی جوولەی جەستەیی.
E. -لاساییکردنەوەی زارەکی دەنگی :- "توانای منداڵ بۆ لاساییکردنەوەی دەنگ و وشەکان."
F. داواکردن :-" توانای منداڵە بۆ داواکردنی شتەکان یان یارمەتیدان."
G. -ناونان :- توانای منداڵ بۆ ناونانی شتەکان یان کەسەکان.
H. -وەڵامدانەوەی زارەکی:- "توانای منداڵ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یان هاندەرە زارەکییەکان
I. -دەنگی سەربەخۆ وئازاد :-توانای منداڵ بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ یان وشە بەبێ هاندان.
J. - ڕێزمان :- بەکارهێنانی ڕستەو،ڕێزمانی دروست .
K. یاری و کات بەسەربردن :-توانای یاریکردنی تاکەکەسی و گروپی.
L. کارلێکی کۆمەڵایەتی:- توانای منداڵ بۆ کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا.
M. فێربوون بەگروپ :- توانای فێربوونی منداڵە بۆ دۆخی گروپی لەناو هۆڵی فیرکردندا.
N. – ڕۆتینی پۆل :-توانای منداڵ بۆ پەیڕەوکردنی ڕۆتینی ناو پۆل ،دانیشتن ،سەرنجادن ،گوێگرتن.
O. -وەڵامدانەوەی گشتی:- توانای منداڵ بۆ گشتاندنی کارامەیی بەدەست هێنراو بۆ بارودۆخی جیاواز.
P. -خوێندنەوە:-توانای سەرەتایی منداڵ لەخوێندنەوەدا.
Q. – بیرکاری:-توانای منداڵ لە ژماردن وناسینی ژمارەکاندا.
R. نووسین :- توانای سەرەتایی منداڵ بۆنووسین.
S. – ڕێنووسکردن :- توانای سەرەتایی ئەکادیمی لای منداڵ وەک قەڵەم گرتن نوسینی پیتەکان
T. -گۆڕینی جل وبەرگ :- توانای منداڵ لە پۆشینی جلوبەرگدا بەبێ یارمەتیدانی ڕاستەوخۆ.
U. -خواردن :- منداڵ شارەزایی سەرەتایی بەدەست بێنێت لە نان خواردندا بەدەستی خۆی.
V. چاودێری کەسی :-منداڵ شارەزایی چاودێری کەسی خۆی بەدەست بهێنێت وەک خۆشۆردن و خاوێنکردنەوەی خۆی .
W. -ئاودەستکردن:- شارەزایی منداڵ لە ئاودەستکردندا بەبێ هاوکاری..(سەربەخۆیی بەدەست هێنان).
X. -توانای جوڵەی گشتی :- منداڵ توانای جوڵەی گەورە ی هەبێت وەک ڕاکردن و بازدان .
Y. -توانا جوڵەییە وردەکان :- منداڵ توانای جوڵەی وردی هەبێت وەک نووسین و بڕینی کاغەز.

لە ئێبلز-ڕ-دا، ئەو ٢٥ بوارەدابەشکراوەتەوە بەسەر ٤ بواری سەرەکیدا، بۆڕەوانی تێگەیشتن و ئاسانی جێبەجێکردنی لە لایەن مامۆستایان وڕاهێنەرانەوە ،بەم شێوەیە :- ( رزق،٥٨،٢٠٢٣)

- کارامەییە بنەڕەتییەکانی زمان و فێربوون SECTIONS A-P لە ١٥ بوار پێک دێت.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4**

- کارامەیە ئەکادیمیەکان SECTIONS Q-T لە ٤بوار پێکدێت.
- کارامەییەکانی چاودێری SECTIONS U-X لە٤ بوار پێکدێت.
- کارامەییە جوڵەییەکانSECTIONS Y-Z لە ٢ بوار پێکدێت.

لەم توێژینەوەیەدا تەنها تیشک خراوەتە سەرلایەنێکی کارامەیی یەکەم ئەویش "کارامەیی ناونانە" tact" ،چونکە گرنگترین ڕوخساری ڕەفتارە زمانییەکانە ،ئەم کارامەییە ،سکێنەر بنەماکەی دارشت ئەوکارامەییە کە منداڵ ،بەوشە یان ،هێمایەکی گونجاو دەتوانێت گوزارشت لە ڕوداوو ،شت وخاسیەتی پێکهاتەکانی دەوروبەری پێبکات ،بۆئەوشتە بەرجەستەیەی مەرج نییە ،ڕاستەوخۆ بەسترابێتەوە بەداواکاریەکەوە ،ئەم کارامەییە هەمووکارامەییەکانی تری لەسەر بنیاد دەنرێت .

**١-٢-١چەمک و پێناسەی کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون وزمان :-learning skills**

هەڵسەنگاندنی کارامەییەکانی فێربوونی بنەڕەتیی، دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون وزمان لە منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمدا. ئەم پرۆگرامە ئامانجی دابینکردنی چوارچێوەیەکی گشتگیر و سیستماتیکیە بۆ تێگەیشتن و پەرەپێدانی توانا هەمەجۆرەکانی فێربوون ،یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی پلانی کاریگەرلە دەستوەردانی تاکەکەسیدا .(جیمس٢٠١٤، ٢٣).

**١-٢-٢پێناسەی کارامەییە بنەڕەتییەکانی فێربوون و،زمان لە پرۆگرامی ئێبڵز-ڕ ABLLS-R :-**

کارامەیی بنەڕەتیی فێربوون و،زمان لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئێبڵز-ڕ، وەک کۆمەڵێک توانای بنەڕەتیی مەعریفی و ڕەفتاری و ئەکادیمی ، پێناسە دەکرێت، منداڵ پێویستی بەم کارامەییە بۆئەوەی سوود لە ئەزموونە پەروەردەییە جیاوازەکان وەربگرن و،لە ژینگە جۆراوجۆرەکانی فێربووندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن .(هەمان سەرچاوەی پێشوو،٣٤)

کارامەیی بنەڕەتیی فێربوون لە پرۆگرامی ئێبلز-ڕدا ،توانای منداڵە بۆ سوودوەرگرتن لە بارودۆخی فێربوونی ڕێکخراو،وهەرەمەکی بە ڕێگەی تێگەیشتن لە ڕێنماییەکان، جیاکردنەوەی چەمک و هاندەرەکان، و فێربوون بە ڕێگەی چاودێری وئەزموونەوە،ئەم پرۆگرامە منداڵ ئامادە دەکات بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی ئاڵۆزتری وەک کارامەیی زمان و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی "Partington ,2006 ,110" هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات و،ڕوونی دەکاتەوە ،کارامەییەکی خۆویست نییە تەنها بۆخۆی کاربکات وسەربەخۆبێت هەرکات لە ڕاهێنان وبەدوادا چوونەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا کارەکانی ڕابگرێت ،بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتییەو ،بەردی بناغەی ڕاهێنانی سەرکەوتووانەی بوارەکانی ترە ،بەتایبەت کارامەییەکانی زمان . (جیمس، ٢٠١٤، ٣٤)

کارامەیی بنەڕەتیی بۆفێربوون لە پرۆگرامی ئێبلز-ڕ،داکۆمەڵێک توانای بنەڕەتین هاوکارو پاڵپشتی بەهێزی منداڵانە بۆبەشداریکردنیان لە فێربوون و، سوود وەرگرتنیان لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا. نوێنەرایەتی ئەوزەمینە خۆشکردنەن ،کە زمان و گەشەسەندنی مەعریفی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنیات نراوە ،ئەم تواناییانە لەخۆدەگرن( توانای پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان و جیاکردنەوەی نێوان هاندەرەکان و، فێربوون لە ڕێگەی چاودێریکردن و ،ئەزموونکردنەوە .(رضا، ٢٠١٦، ٤٣). فەلسەفەی ئەم پرۆگرامە لەسەر ئەوبنەمایە بنیادنراوە ،لەسەرەتادامنداڵ پێویستە فێری "دانیشتن ،سەرنجدان وتێبینی ،جیاکردنەوەی وروژێنەرەکان ،هاندەرەکان "،ببێت پاشان فێرەزمان بکرێت ،چونکە فێربوون ئەوپێکهاتەیەیە کەزمان وکارامەییەکانی تری لەسەربنات دەنرێت .

**١-٣ ڕەفتاری زارەکی سکینەرو ،پەیوەندی بە پرۆگرامی ئێبڵز-ڕ-ەوە:-**

Burrus Frederic Skinner (B. F. Skinner) ،(١٩٠٤-١٩٩٠) سکینەردەروونناسێکی ئەمریکی بوو ،بە یەکێک لە دیارترین پێشەنگەکانی قوتابخانەی ڕەفتاری دادەنرێت لەدەروونناسی شیکاریدا. لێکۆڵینەوەکانی چڕکردبۆوە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ و چۆنێتی دەستکاریکردن وباشترکردنی لە ڕێگەی هاندان و ،سزادانەوە ،زمانی وەک ڕەفتارێکی تێبینی کراو سەیردەکرد نەک توانایەکی خۆڕسکی ،کە ناتوانرێت تێبینی بکرێت وبخرێتە ژێر چاودێرییەوە ،پرۆگرامی ئێبڵز-ڕ پێنج جۆری لەکارامەییەکانی ناوڕەفتاری زمانیی سکینەری وەرگرتووە ولەپرۆگرامەکەدا جێگیریکردووە ،چونکە بە بنەمایەکی گرنگی فێرکردنی زمانیی داناوە بۆڕاهێنان وفێرکردنی منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم.

**١-٣-٢ گرنگترین بەشدارییەکانی سکینەرلە تیۆری ڕەفتاریدا:-**

١ -چەمکی فێربوونی بەمەرج Operant Conditioning ی ،پەرەپێدا، دەڵێت ئەگەر ڕەفتار بەدواداچوون و هاندان وپاڵپشتتی ئەرێنی لەگەڵ بوو ،ئەوا ڕێژەی ڕوودانی زیاد دەکات ،لەکاتێکدا ئەوڕەفتارانەی سزایان لەگەڵدایە ڕێژەی ڕوودانیان کەمترە.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4

٢ -لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبێکی گرنگی بە ناوی ("ڕەفتاری زارەکی verbal behavior ) دانا، تیایداگەشەی زمانی لای منداڵان ڕوونکردۆتەوەو دەڵێت ،زمان وەک هەر ڕەفتارێکی تری مرۆڤ دەتوانرێت تێبینی و، شرۆڤەی بۆ بکرێت و ،لە قاڵب بدرێت.

٣- ڕەفتاری زارەکی بەسەر جەندجۆرێکدا دابەشکرد ،" ناونان، داواکردن ،لاساییکردنەوەی زارەکی ،لاساییکردنەوەی جەستەیی و ئەوانی تر. ئەمانە ئەو پۆلێنکردنانەن کە پرۆگرامی "ئێبڵز-ڕ-ی لەسەر دامەزراوە.(المزيني ،٢٠٢١،٢٦)

**١-٣- ٣پرگرامی ئێبلز-ڕ ،وپەیوەندی بەڕەفتاری زارەکی سکینەرەوە:-**

پرۆگرامی ئێبڵز کاتێک پەرەی پێدرا ،بەتەواوی پشتی بە پرۆگرامی شیکرنەوەی ڕەفتاری کارەکی "ABA"بەست ، کەبریتییە لە پراکتیزەکردنی لایەنە تیۆرییەکانی ڕەفتاری زارەکی سکینەرلە لەبواری (فێرکردن ،گەشەی زمان، ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم،چاککردنی ڕەفتار).

لە ئێبڵز-ڕ ،دا،بۆڕاهێنان و هەڵسەنگاندنی منداڵان پشت بە لایەنە تیۆرییەکانی سکینەر دەبەسترێت وبەشێوازی "ABA" لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و،منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمدا پراکتیک یان جێبەجێدەکرێت ، لەشێوەی کۆکردنەوەی داتاکان ،شیکردنەوە ،بەکارهێنانی تەکنیکی ڕەفتاری ڕێک وپێک ، بەشێک لەکارامەییەکانی زمان لە ئێبڵز-ڕ،دا ڕاستەوخۆ بۆڕەفتاری زمانیی لە لەپۆلێنەکەی سکینەرەوە وەرگیراون.

**١-٤ گرنگترین ئەو پێکهاتانەی ڕۆڵیان لە گەشەی زمانی وپەیوەندیکردندا هەیە ئەم ڕەگەزانەن :-**

**١-داواکردن "mand":-**

ماند ،بریتییە لە ڕەفتارێکی زارەکی بەهۆی پێویستییەک یان، ئارەزوویەکەوە دروست دەبێت ،پاڵنەرێکە (دۆخێکی پاڵنەریی وەک تینوێتی یان ئازار) دابینکردنی ئەو پێویستییە بەهێزتری دەکات. کاتێک منداڵێک ،داوای ئاودەکات ودەڵێت "ئاو" ، دیارە کەتینوویەتی ،دەیەوێت ئاوەکە بەدەست بهێنێت ،لێرەدا پاڵنەرەکە"کارایی و دەستنیشانکراوە".. فێرکردنی mand پشت بە "هەبوونی پاڵنەر" دەبەستێت ،داوا لە منداڵێک ناکرێت بڵێت "ئاو" ئەگەر تینووی نەبێت ،لەبری ئەوە ،هەر کاتێک نیشانەکانی تینوێتی لەسەر منداڵەکە دەرکەوت ئنجا ،ئاوی دەدرێتێ، ئاماژەیەکی (زارەکی بەکارهێنانی زمان ، ئاماژە (ئاماژەکردن بۆئاوەکە ،زمانی ئاماژە) ،یان شتێکی بینراو (کارتی وێنە) دابین دەکرێت و دواتر وردە وردە خامۆش دەکرێتەوە. (الشمري ٢٠١٩،٦٧،)هەڵە باوەکان بریتین لە فێرکردنی وشەکان لای منداڵان بەبێ بوونی پاڵنەرێکی ڕاستەقینە، یاخود تەنهاپشت بە هاندەری کۆمەڵایەتی (چەپڵە لێدان)دەبەستن ،نەک بەهاندەری کارایی (ئاو)، کە فێربوونی mand ،داواکردن لاواز دەکات. لەگەڵ دووبارەکردنەوە ولەبارودۆخی هەمەجۆردا لە( ماڵەوە،قوتابخانە،دەرەوە)، بەو شێوەیە کارامەیی داواکردن گشتگیروخۆڕسکی دەبێت . بۆنموونە:-

هەبوونی سندوقێکی داخراوی پڕلەیاری هەیە ،یارییەکی دڵخوازی تێدایە ،کە منداڵەکە خۆشی دەوێت.

- منداڵەکە هەوڵ دەدات سندوقەکە بکاتەوە بەڵام ناتوانێت.
- سەیری مامۆستا دەکات و دەڵێت بیکەرەوە! ← ئەمە ماندە، داواکردنە، چونکە منداڵەکە داوای لە بەرامبەرەکەی کرد، کردارێک ئەنجام بدات بۆ بەدیهێنانی ئارەزوویەک.

**٢-لاساییکردنەوەی زارەکی :-echoic**

ڕەهەندێکی گرنگی ناو پرۆگرامی ئێبلز-ڕە،جۆریکە لە ڕەفتاری زارەکی ،مەبەست لێی لاساییکردنەوەی هەمان دەنگی بیستراوە لەلایەن منداڵەکەوە ،هەربۆیە بە دەنگدانەوەش ناسراوە بۆنموونە ،ئەگەر مامۆستا بڵێت دەرگا ،ئەوا منداڵەکەش بەهەمان ئاوازو ،ڕیتمی مامۆستاکە لاسایی وشەدرکاوەکە دەکاتەوە بەم شیوەیە:- (mason,2014,107).

١-دووبارەکردنەوەی برگە "دا ، بە ،با ،بە "

٢-دووبارەکردنەوەی سەراپای وشەکە "دایە ،بابە "

٣-دووبارەکردنەوەی ڕستەی کورت وئاسان "دایە هات ،بابە هات "

**٣-وەڵامدانەوەوەکو گوێگر Listener Responding "**

کاردانەوەو،وەڵامدانەوەیە بۆئاخاوتنی هاتوو ،واتەتێگەیشتن لە ئاخاوتنی دە،وروبەرو،جێبەجێکردنی بەڕەفتارێکی گونجاو لەشێوەی وەڵامدانەوەی زمانی ،یان نازمانی ،ئاماژە ،زمانی جەستە ،جوڵەو ڕاپەڕاندنی کردارێک،(110, Masonws,2014، ،وەڵامدانەوەکە ئەنجامدراوە، ئەگەر هیچ وشەیەکیشی نەدرکاندبێت . بۆنموونە:-

-مامۆستا داوا لە قوتابی دەکات بەپێوەڕابوەستێت منداڵەکە ئەنجامی دەدات وبەپێوە ڕادەوەستێت .

ئەم کارامەییە هاوکاری منداڵانی تێکچوونی شـــەبەنگی ئۆتیزم دەکەن، لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان وتێکەڵبوونی هاوبەش لەگەڵ هاوپۆل ودەوروبەریاندا ،گەشـە بەتێگەیشـتنی بیسـتراوو وگەشـەی زمانیی دەدات و هەنگاوێکی سـەرەتاییە بۆ گەشـەی زمانی دەربڕینیان "گوزارشتکردن" درکاندن وئاخاوتن .

**٤-ئاڵ وگۆڕی کاردانەوەی زارەکی Intraverbal :-**

کاردانەوەی زارەکییە بۆوەڵامی قســـەکەرلە ئامادەنەبوونی هاندەری راســـتەوخۆی بەرجەســـتەی بینراودا ،واتە لەکاتی وەڵامدانەوەدا هیچ هاندەرێک بوونی نییە ،تاوەکو منداڵەکە بوروژێت وپەیوەســتی بکات بە وەڵامەکەوە ،ئەمەش بەیەکێک لە ئەنجامە سەرکەوتووەکان دادەنرێت لە گەشەی زمانیی منداڵاندا ،بۆ نموونە:-

-مامۆستا ماسی لەئاودا مەلە دەکات ،باڵندە ،-منداڵەکە تەواوی دەکات و دەڵێت دەفڕێت .

ئەمە جگە لەوەی کە هاندەری بینراوی بەرجەســـتەی"باڵندە ،وێنەی باڵندە" ئامادە نییە ،بەڵام منداڵەکە وەڵامی مامۆســـتاکەی دایەوەو لەهەمان کاتیشدا ڕستەکەی تەواوکرد .

## بەشی دووەم

### ٢ - کارامەیی ناونان ورۆڵی لەگەشەی زمانیدا ،لەپرۆگرامی ئێبلز-ڕدا:-

### ٢-١- زاراوەو چەمکی کارامەیی ناونان:-

زاراوەی نـاونـان لەبنەڕەتدا "tact"دەگەڕێتەوەبۆوشـــەی لاتینی tactus"کە نـاوی بەرکـارە لەکـاری tangere وەگیراوە ،بەواتای دەستلێدان یان" تێربوون بەدەستلێدان " دێت ،ئەم زاراوەیە لەڕێگەی زمانی فەرنسییەوە هاتە ناوزمانی ئینگلیزیەوە ،یەکەمجار بەواتای هەسـتی دەسـتلێدان هات پاشـان وشـەکە واتاکەی گەشـەیکردو بووبە "هەسـتی وردو ڕێک " سـکینەر لە کتێبەکەیدابەناوی verbal behavior r"، لەســـالی ١٩٥٧دا،بەکاریهێناوە بەواتای ناونان یاخود کاردانەوەو وەڵامدانەوەی زارەکی بۆ وروژێنەرەنـازازرەکییەکـان وجۆرێـک لەڕەفتـاری نـازارەکی ،تـاوەکو ببێتەئـامرازێـک بۆپەیوەندکردن بە دنیـای دەرەوە واتە بەســـتنەوەی هێما،وشـــەکان بەوروژێنەرەنازارەکییەکان لەژینگەدا، ئـاماژەیەکی هزری دەدات بەپەیوەندی و"دەستلێدان "لەنێوان زمان و کەتواری بەرجەستەدا (Sundber(3242001,

لەپرۆگرامی ئێبلزداکارامەیی ناونان، واپێناســە کراوە کە جۆرێکە لەڕەفتاری زمانیی ولێهاتووییەکی بنەڕەتییە لای منداڵ بۆ گەشـەی زمانی ،لەم پرۆسـەیەدا منداڵ بەزمان وەسـفی شـتە بینراوو ،بیسـتراو وبەرجەسـتەکانی دەوروبەری دەکات، لەگەڵ بەکارهێنانی هەســـتەکانی توانای منداڵ دەردەخات بۆ ناونان یان ئاماژە پێدان بۆ ئەوشـــتە یان هەســـتەی کە لە ،دەوروبەریدا تێبینی دەکات ، بەبێ ئەوەی ئامانجی ئەم وەڵامە بۆ بەدەستهێنانی شتێک بێت بۆ خۆی. بە واتایەکی تر کارامەیی ناونان لای منداڵ ڕەنگدانەوەی توانای منداڵەکەیە بۆ ناســـینەوە و لێدوانی زارەکی لەســـەر شـــتەکانی دەوروبەری، جا چ شـــتگەلێکی بەرجەستە بن وەک یاری و کتێب، دەنگی بن وەک حەپەی سەگ یان جریوەی باڵندە، یان تەنانەت تێبینیکردنی ڕووداوەکانی پێشـیان بێت، وەک کەوتنە خوارەوەی گەڵایەک ،یان ڕژانی شـلەمەنییەک ،هەروەها لەڕێگەی کارامەیی ناونانەوە دەتوانن خەسڵەت وتایبەتمەندی شتەکان باسبکەن، وەک ڕەنگ و،قەبارە و شێوە،ئەمەش ئاماژەیەکی زمانی سـەرکەوتووە لە توانای زمانیی منداڵدا بۆ پەیوەستکردنی وشەکان بەو چەمکانەی ،کە لەژینگەدا نوێنەرایەتیان دەکەن .

کارامەیی ناونان لای منداڵ وەک بناغەیەکە بۆ بنیاتنانی زمانی گوزارشـتکردنیان و فراوانکردنی وشـەسـازییان ،منداڵ بە ناوهێنانی ئەو شـــت و چەمکانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەتوانێت هۆشـــیاری خۆی بۆ جیهانی دەوروبەری پەرەپێبدات ،بتوانێت بە شـــێوەیەکی ڕوون و ڕێکخراو تێبینییەکانی بۆ کەســـانی دیکە دەربڕێت. ئەم توانای گوزارشـــتکردنە ســـنووردارنییە ،پەلدەهاوێت بۆ گەشـــەی بیرکردنەوە وتێبینکردن و کارامەییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ،ئەمەش یارمەتی منداڵان دەدات بە شـــێوەیەکی کاریگەرتر پەیوەندی لەگەڵ کەســـانی دیکەدا بکەن. بۆ منداڵانی تێکچوونی شـــەبەنگی ئۆتیزم، ڕاهێنانی ناونان بەشـــێکی ســـەرەکییە لە بەرنامەکانی دەســـتوەردانی پێشـــوەختە ،چونکە بەشـــدارە لە گەشەکردنی زمانی دەربڕینیان و هاندەری تواناکانیان دەبێت لەوشتانەی کەتێبینی یان هەستیان پێدەکەن ،لەگەڵ کەسانی تردا هابەشی پێدەکەن ولەسەری دەدوێن ، ئەمەش توانای پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە.

کارامەیی ناونان لە ئێبلز-ڕ" ، تەنها نوێنەرایەتیکردن نییە بۆ فێربوونی وشـەکان،بەڵکو ئامرازێکی سـتراتیژییە بۆ فێرکردنی منداڵان کەچۆن لەگەڵ ژینگەدا کارلێکێکی واتاداربکەن و پەرەبە توانا زمانییە باڵاکانی وەک بنیاتنانی ڕســـتە و دەربڕینی پێداویســـتییەکان بدەن ،هەروەها ئەم لێهاتووییە خاڵێکی دەســـتپێکە بۆ پەرەپێدانی جۆرەکانی تری ڕەفتاری زارەکی، وەک

وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یان داواکردن. کاتێک منداڵ شارەزا بوو لە ناونان بە شێوەیەکی کارایی و فرەڕەهەندی توانای بەکارهێنانی زمانی دەبێت ،بۆیە گرنگیدان بە کارامەیی ناونان لەناوئەم پرۆگرامەدا، دامەزراندنی سیستەمێکی زمانی تەواوەتییە کە منداڵەکە بتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات و،بەشێوەیەکی کاریگەرکارلێک لەگەڵ دەوروبەریدا بکات .

**٢-١- ١ڕاهێنانی زمانی لەڕێگەی کارامەیی ناونان لەپرۆگرامی" ئێبلز-ر"وکاریگەرییە زمانییەکانی:-**

لە پرۆگرامی ئێبلز-ڕ"دا ،ڕاهێنان لەسەرکارامەیی ناونان لە چوارچێوەی یەکەم لایەنی کارامەیی سەرەتایی زماندایە ،تیشک دەخاتە سەر هەڵسەنگاندنی توانای منداڵ بۆ ناوهێنانی شتە ئاشنا و نامۆکان و وەسفکردنی تایبەتمەندی و ،خەسڵەتەکان و،تێبینی ولێدوان لەسەر وێنە و ڕەنگ ودیمەنەکان و ئاماژەدان بە ڕووداو ،یان چالاکییە بینراوو، بیستراوەکان. ڕاهێنان بۆ ئەم کارامەییە پشت بەخستنەڕووییەکی ڕیزبەندی وردە وردە ی هاندەرە ژینگەییەکان دەبەستێت، جا چ فیزیکی بێت، وێنە یان ڤیدیۆ کلیپی کورت، لە گەڵ چاوەڕێیکردنی کاردانەوەی ڕاستەو،خۆی منداڵەکە بەناوهێنانی هاندەرەکان لەشێوەی وشە یاخود ئاماژەدا پاشان پێشەکەشکردنی هاندانی ئەرێنی بۆوەڵامە دروستەکان، چ لە ڕێگەی ستایشی زارەکی، یاریکردن، یان هەر پاڵنەرێکی تر کە لەگەڵ کەسایەتی و، سروشت وبارودۆخی منداڵەکەدا بگونجێت. ئەم شێوازەی ڕاهێنان گەشەبە توانای منداڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ناونانی سەربەخۆ، زۆرجار بە لاساییکردنەوەی وشە و دەنگی مامۆستا ،یان چاودێر دەستپێدەکات، ئەمەش وا دەکات منداڵ دواتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە وردی ناوی ئەو شتانە دەرببڕێت کە لە ژینگەدا تێبینیان دەکات، هەروەها گرنگی ناونان لەوەدایە ،منداڵ لە پەیوەندی نێوان" زمان و،هەست "و "گەشەکردنی مەعریفی" تێدەگات . هەر وشەیەک کە منداڵ وەریدەگرێت پەیوەستی دەکات بەو شتە ،یان ڕووداوەوە کە ئاماژەی پێدەکات، بەشداردەبێت لە پەرەپێدانی تێگەیشتنیان بۆ چەمکەکانی ژینگە ،هەروەها یارمەتیان دەدات پەیوەندی زارەکی لە نێوان شتە جیاوازەکاندا دروست بکەن و لە تایبەتمەندییەکانیان تێبگەن. منداڵ لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە نەک هەر وشەی نوێ بەدەست دەهێنێت، بەڵکو فێری ئەوە دەبێت کە چۆن زانیاری و تێبینییەکانی لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕێکبخات و توانای مەعریفی و توانای کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە. هەروەها پراکتیزەکردنی بەردەوامی ناونان ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی سەرنج و تێبینیکردنی ورد،منداڵان فێردەبن سەرنجی وردەکارییە جیاوازەکانی ژینگەکە بدەن و بە وشەی گونجاوەوە پەیوەستیان بکەن ، ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی فێربوونی زمان بە گشتی.

ناونان یەکێکە لە گرنگترین فۆرمەکانی ڕاهێنانی زمان لە پرۆگرامی ئێبلز-ڕدا،دا چونکە نوێنەرایەتی ئەو هۆکارانە دەکات کە منداڵ لە وەڵامە سنووردارەکانەوە دەگوێزێتەوە بۆ توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی فراوانتر و نەرمتر.

**٢-١-٢ -قۆناغەکانی ڕاهێنانی منداڵان لە سەرکارامەیی ناونان لە "ئێبلز-ڕ"دا :-**

١ -ناونانی شتە بەرجەستەکراوەکان: سەرەتا منداڵ بە ناونانی ئەو شتانەی ،دەیبینن و دەستی لێدەدەن لە ژینگەی ڕۆژانەیدادەست پێدەکات، وەک گوتنی "سێو"، "تۆپ"، یان "قەڵەم"،ئەم ئاستە نوێنەرایەتی یەکەم بناغەی زمانەوانی دەکات ،چونکە ڕاستەوخۆ وشەکە بە تەنە بەرجەستەکەوە دەبەستێتەوە.(بارتنگتون ،٢٠١٤،٢٣٤)

٢ -ناونانی وێنە و هێماکان: دوای شارەزابوون لە ناونانی شتە ڕاستەقینەکان، منداڵ فێری ئەوە دەبێت ودەزانێت کە ،وێنەیەک یان هێمایەک دەتوانێت جێگەی شتێک بگرێتەوە، وەک گوتنی پشیلە ،بابە کاتێک وێنەی، "پشیلە" یان "باوکی" دەبینێت. ئەم کارامەییە هۆشیاری ودرکیان فراوانتر دەکات و یارمەتیان دەدات لەگەڵ بابەتە پەروەردەیی وێنەییەکانی ناو پەرتوکەکانداکاندا کارلێک بکەن.

٣ -ناونانی کردار و چالاکییەکان: پاش ئەوهەنگاوە منداڵ دەچێتە سەر ناونانی ئەو کارانەی کە کەسانی دەوروبەری ئەنجامی دەدەن ،یان ئەوکردارەی لەپێشیانیان ڕوودەدات، وەک "ڕاکردن"، "خواردن"، یان "خەوتن" ،ئەم ئاستە ڕێگە بۆ فێربوونی پێکهاتەی ڕستە خۆش دەکات ، چونکە ڕەهەندی کاتی و جووڵەیی زیاد دەکات بۆ گوزارشتکردن ودەربڕین.

٤ -ناوناني خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان: لەم قۆناغەدا منداڵ وەسفی شتەکان بە ڕەنگ و شێوە و قەبارەکانیانەوە دەکات، وەک "سێوی سوور"، "بازنەی گەورە"، یان "خانوی بەرز" ،ئەم ئاستە گەشەبە وردبینی گوزارشتکردن دەدات و توانای جیاکردنەوەی شتە هاوشێوەکان لای منداڵان بەهێز دەکات.

٥- ناوناني بەشەکان: داوا لە منداڵ دەکرێت بەشەکانی شتەکان یان جەستەی بناسێتەوە، وەک "دەست"، "سەر"، "دەرگای ئۆتۆمبێل". ئەم ڕاهێنانە وشەسازییەکی وردتریان بۆ دابین دەکات یارمەتیان دەدات بۆ وردی وەسفکردن لەپرۆسەی یاخاوتن و پەیوەندیکردندا.

٦ -ناوناني خەڵک و ناوی تایبەتی: لێرەدا منداڵ فێری ناوی کەسەکان دەبێت بە ناوی خۆیان بانگیان دەکات دایک و باوک و هاوڕێ و مامۆستاکانی ، وەک "دایە" "بابە" "لارا"، "سۆران" و "مامۆستا"، ئەم قۆناغە دەرگا بەڕووی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی زماندا دەکاتەوە و پەیوەندی نێوان خۆی و کەسەکان بەهێزتر دەکات.

٧ -ناوناني هەست و حاڵەتەکان: هۆشیاری زمانەوانی منداڵەکە گەشە دەکات بۆ ئەوەی حاڵەتە ناوەکییەکان بگرێتەوە، وەک "خەمبار"، "دڵخۆش" و "ماندوو". ئەم ئاستە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە و یارمەتی منداڵ دەدات بۆ گوزارشتکردن لە خۆی و تێگەیشتن لە کەسانی دیکەو زانینی ئاوڵناوەکانی زمانی خۆی .

٨ -ناوناني گروپ وکۆمەڵەکان: منداڵ فێری بەکارهێنانی وشەی فرە و پۆلێنکردن دەبێت، وەک "منداڵەکان"، "سێوەکان" و "باڵندەکان". ئەم ڕاهێنانە پەرە بە بیرکردنەوەی چەمکی دەدات و ئامادەیان دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتن و ،بەکارهێنانی ئامرازەکان بەشێوەیەکی دروست.

٩- ناوناني ئاراستەکان: لە م قۆناغەدامنداڵ گوزارشت لە چەمکەکانی مەودا وئاراستەکردن دەکات، وەک "نزیک"، "دوور"، "خێرا" ئەمەش قۆناغێکی هزری پێشکەوتووە .

١٠- ناوناني دەنگ و بۆن و هەستەکان: داوا لە منداڵ دەکرێت ناوی ئەو شتانە بنێ کە دەیبیستێت، بۆنی دەکات، یان هەستی پێدەکات، وەک "دەنگی ئۆتۆمبێل"، "بۆنی گوڵەبەڕۆژە"، یان "ئاوی گەرم". ئەم ئاستە مەودای زمانەوانی فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی هەموو هەستەکان بگرێتەوە نەک ،تەنها هەستی بینین.(جیمس،١٣٦،٢٠١٤)

لێرەوە دەردەکەوێ ناونان ،لە ئێبلز-ڕدا قۆناغێکی ڕاهێنانی زمانەوانییە، لە سادەییەوە دەست پێدەکات و وردە وردە بەرەو هەڵکشان دەچێت بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵدا، ڕێگا بۆمنداڵ دەکاتەوە ،ڕستەی ئاڵۆزتر بنیات بنێن وبەشێوەیەکی کاریگەرتر پەیوەندی بەدەوروبەریانەوە بکەن.

### ٢-٢گرنگییە زمانییەکانی کارامەیی ناونان tact:-

لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئێبلز-ڕدا، کارامەیی ناونان (tact) بە یەکێک لە گرنگترین میکانیزمە زمانەوانییەکان دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی توانای پەیوەندیکردن لە منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزمدا ،بەپێی تیۆری ڕەفتاری زارەکی سکینەر، ناونان نوێنەرایەتی وەڵامێکی زارەکی دەکات کە لەلایەن هاندەرێکی ژینگەیی دەستبەجێ کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەمەش وایکردووە ببێتە بناغەیەک بۆ بنیاتنانی هەموو توانازمانییەکانی تر.

گرنگی زمانەوانیی ناونان لە کاریگەرییە ڕیزبەندییەکانیدا دەردەکەوێت لەکاتی ڕاهێنان و،هەڵسەنگاندنی لە هەموو ئاستە زمانەوانییە جیاوازەکاندا ،لە ئاستی بنەڕەتیی دەنگ و فۆنۆلۆژییەوە دەست پێدەکات، کاتێک ڕاهێنان بەمنداڵێک دەکرێت تا فێری جیاکردنەوە و بەرهەمهێنانی دەنگەکان دەبێت، دەچێتە ئاستی مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و ،واتاسازی و،تادەگاتە ئاستی ئاڵۆزی پراگماتیکی، کە پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ئەنجامدەدرێت.

منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم، زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە گەشەکردنی ئاسایی زماندا، ڕاهێنان لەسەرکارامەیی ناونان چوارچێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراویان بەشێوەی ڕیزبەندی وقۆناغبەندی بۆ دابین دەکات ،یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی توانا زمانییەکانیان لەگەڵ توانای دابینکردنی دەستومردانەکانی خێزان وناوەندەکانی ڕاهێنان ،بۆئەوەی لەگەڵ پێداویستییە تاکەکەسییەکانی هەر منداڵێک و شێوازەکانی فێربووندا بگونجێت.

#### ٢-٢-١- ڕاهێنانی کارامەیی ناونان وهەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4**

**١-ئاستی فۆنەتیک وفۆنۆلۆژی:-**

- ناسینی دەنگەکان ،وەرگرتنیان بەدووبارەکردنەوەی زارەکی بۆدەنگ وپیتێکی دیاریکراولەناو شەیەکدا وشەی "دایە " دووبارەکردنەوەی چەندجارێکی دەنگ وپیتی "د" .
- جیاکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان (مار،کار،مامە.بابە ،).
- زانینی شوێنی پیتەکان وناسینەوە یان لەناووشەکاندا ،لە سەرەتا ،ناوەند ،کۆتایی وشەکان. :-(نوعیم.٢٠٢٢،٤٨).

**٢- ئاستی مۆرفۆلۆژی:-**

- ڕاهێنانی فێرکردنی چۆنیەتی ناونانی ڕەگی بنەڕەتیی وشەکان
- ڕاهێنانی ناسینەوە،ناونانی پێشگر و پاشگرە کوردییەکان .
- پەرەپێدانی تێگەیشتن لە مۆرفۆلۆژی لە ڕێگەی ناونان بەشێوەی بەراوردکاری وەکو پیشاندانی دووکارتی وێنە بەمنداڵەکە "سێو ،مۆز" داوای ناونانی یەکێکیان لەمنداڵەکە دەکرێت .
- ڕاهێنانی ناونانی جۆری وشەکان (ناو ،کردار ،خەسڵەت ،یان پەسن ،بارودۆخ ،یان چۆنێتی ڕوودانی کارەکان).
- ڕاهێنانی جیاکردنەوەی شێوەی وشەکان "تاک وکۆ" بە ڕێگەی ناونان .
- ڕاهێنان لەسەرفێربوونی لکاندنی کردارەکان بەکاتەکانەوە .
- **٣-ئاستی ڕستەسازی :-**
- ڕاهێنان لەسەرناونانی بەشەکانی ئاخاوتن .
- فێرکردنی چۆنێتی جیاکردنەوەی ناو،کردار،ئامرەزاکان لە ڕێگەی ناونانەوە .
- پەرەپێدانی تێگەیشتن لە ئەرکە ڕێزمانییەکان (بابەت، شت) بە ڕێگەی ناونان .
- پێکهێنانی وردە وردەی ڕستە بە ناونانی پێکهاتەکان دەست پێبکات .

**٣.گەشەپێدانی ڕێزمانی بەقۆناغ :-**

٠قۆناغی یەکەم: ناونانی وشەتاکەکان وەکو پشاندانی یەک وێنە بەمنداڵەکە "وێنەی سێو" ،ناوهێنانی لەلایەن منداڵەکەوە .

٠قۆناغی دووەم: ناونانی پەیوەندییە سادەکان ،بەستنەوەی دوووشە پێکەوە (منداڵ + یاریدەکات) .

٠قۆناغی سێیەم: ناونانی پێکهاتە ئاڵۆزەکان وێنەی "منداڵ +تۆپ+سور+ باخچە یاریدەکات " پیشانی منداڵەکە دەدرێت ولەشێوەی ڕستەیەکی ئاڵۆزدا ناوی دەهێنێت بەم شێوەیە "منداڵەکە لە باخچەکەدا بەتۆپە سوورەکە یاریدەکات ".

**٤ .ئاستی واتا:-**

- -ڕاهێنان بۆپەرەپێدانی تۆڕێکی واتاسازی.
- -ڕاهێنان بۆناونانی وشەکان وبە ستنەوەیان بەواتا ڕاستەقینەکەی خۆیانەوە لە ژینگەدا .
- ڕاهێنان بۆپەرەپێدانی پەیوەندییە واتاییەکان (هاوواتا، دژواتا، پلەبەندی).
- ڕاهێنان بۆدروستکردنی پۆلەواتاییەکان بە ڕێگەی ناونان و،جیاکردنەوەوناسینەوەی پۆلەواتاییەکان (پۆلی میوە ،پۆلی ئاژەلەکان ،پۆلی یارییەکان ).

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 2, 2025, Pages (58-73)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P2.4

- ڕاهێنانی فراوانکردنی واتا، وەکو گواســـتنەوەی واتای ڕاســـتەقینە "فەرهەنگی "بۆواتای میتافۆڕی لە چوارچێوەی ئاخاوتندا .
- ڕاهێنانکردن بۆپەرەپێدانی تێگەیشتن لە وشە فرە واتاکان .
- ڕاهێنانی بەستنەوەی ناوانەکە بەئەزموونە هەستییە ڕاستەوخۆکانەوە "گەرما ،،ئازار دلخۆشی، برسێتی ."

**٥ .ئاستی پراگماتیک :-**

یەکێک لەخەسڵەتە سەرەکییە دیارەکانی منداڵانی تیکچوونی شـەبەنگی ئۆتیزم هەبوونی کەموکورتییە لە توانای بەکارهێنانی زمـانە لە بـارودۆخە جیـاوازەکـانـدا و،پـابەنـد نەبوونیـان بە بەکـارهێنـانی زانیـاری دەوروبەرە زمـانییە هەمەجۆرەکـان و،بەکارهێنانی زمان بەشـــێوەیەکی نەگونجاو لە بارودۆخە کۆمەڵایە تییە کاندا ،بۆکەمکردنەوە ،وپرکردنەوەی ئەوبۆشـــاییە زمانییە پرۆگرامی ئێبلز-ڕ ،ڕاهێنان بەمنداڵان دەکات بۆبەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە :-

- ڕاهێنان لەسەرناوان بۆ هاوبەشکردنی زانیاری (لێدوان لەسەر ژینگە)لەگەڵ کەسانی تردا.
- ڕاهێنانکردن بۆناونان لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا (ڕاکێشانی سەرنج بۆ شتەکان).
- ڕاهێنانی ناونان بۆ فێرکردن و ڕوونکردنەوە بۆ کەسانی تر.

**زەمینەی کۆمەڵایەتی:-**

- منداڵەکە فێردەکرێت کەی و چۆن بە شێوەیەکی گونجاوی کۆمەڵایەتی ناونان بەکاربهێنێت .
- منداڵەکە تێبگات لەوەی کە ناونان خزمەت بە چەندین ئەرکی پەیوەندیکردن دەکات .
- پەرەپێدانی توانای دەستکاریکردن وچاککردنی ناونان بۆ ئەوەی لەگەڵ گوێگردا بگونجێت .

**٦- ڕاهێنانی هاوتەریب:-**

- کارکردن لەیەک کاتدا ولەچەندین ئاستی زمانیدا .
- دڵنیابوون لە یەک دەنگی لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی گەشەپێدانی زمانیدا .
- چاودێریکردنی پێشکەوتنەکان لە سەرانسەری هەموو ئاستەکاندا .

**٧- بەهێزکردنی یەکتر:-**

- -بەکارهێنانی سەرکەوتن لە ئاستێکدا بۆ پشتگیریکردن لە فێربوون لە ئاستێکی تردا.
- -پەرەپێدانی پلانی ڕاهێنانی یەکگرتوو.
- دڵنیابوون لە یەکدەنگی لە ڕێبازی فێرکاریدا.

**ئەنجام**

١- پرۆگرامی ئێبلز -ڕ ،پێکدێت لەکۆمەڵێک چالاکی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر ،پێویســـتی بەڕۆڵ گۆڕینەوە هەیە لە نێوان منداڵاندا بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە ،زمان وەک ئامرازێکی ســـەرەکی بەکاردێت لە شـــێوەی پرســـیارکردن ،داواکردن ،وەڵامدانەوەی زارەکی ، بەشداریکردن لە ئاخاوتنی بەگرووپدا .

٢-تیۆری ڕەفتاری زارەکیی سکینەر ئەوەی خستەڕووکە، میکانیزمەکانی بەدەستهێنانی زمان وەک هەموو ڕەفتارێکی تری مرۆڤ دەتوانرێت لە ڕێگەی کارلێککردنی لەگەڵ ژینگەدا تێبینی بکرێت و خامۆش یان بەهێز بکرێت. پۆلێنکردنی ڕەفتارە زارەکییەکانیش لەلایەن ســکینەرەوە ،وەک مەند، ناونان و،وەڵامدانەوەی زارەکی، بنەمایەکی پراکتیکی بۆ تێگەیشــتن لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان دابین دەکات هەرلە وەڵامە سادەکانەوە بۆ پەیوەندییە هێمادارە ئاڵۆزترەکان .

٣- ڕاهێنان لەســەرکارامەیی ناونان لە پرۆگرامی ئێلز-ر،دا ئەو توانایە بەمنداڵان دەبەخشــێت ، دەزانن چۆن و ،چی ،فێردەبن، لەبری ئەوەی کەپرۆگرامێکی دووبارەی کۆن وئەزبەرکردن بێت وتوانای بیرکردنەوەو ،شــرۆڤەو، پێکەوە بەستنەوە سنووردار بکات .

٤-بەپشــتبەســتن بەوەی زمان وەک ڕەفتارێکە ،دەتوانرێت بە هاندان بەهێزبکرێت و لە قاڵب بدرێت، وایکردووە بتوانرێت بەرنامەی ڕاهێنان و چارەســەری کاریگەر دابڕێژرێت، بەتایبەتی بۆ منداڵانی تێکچوونی شــەبەنگی ئۆتیزم، کە پێشــکەوتنی بەرچاو لە پەرەپێدانی توانای پەیوەندیکردن و، سەربەخۆیی زمانەوانیدا نیشاندەن.

٥- لەڕاهێنانی کارامەیی ناونانی شــت وڕووداووکەســەکاندا ،منداڵ خۆی ڕۆڵی دەبێت لە گواســتنەوەی کارامەیی وەڵامە نازارەکیەکانەوە بۆ بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێکی کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئەم کردارەش ڕادەی تێکەڵبوونیان لەگەڵ بارودۆخی پەروەردەیی و ژیاندابەرزدەکاتەوە.

٦- ئەو منداڵانەی کە ڕاهێنانی چڕ و پڕی ناونان وەردەگرن، پێشــکەوتنی بەرچاو لە هەردوو توانای زمانی وەرگرتن و زمانی دەربڕیندا نیشاندەدەن .

٧-ناونان (tact) نوێنەرایەتی یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی گەشــەکردنی زمان دەکات لە منداڵانی تێکچوونی شــەبەنگی ئۆتیزمدا ،ئەویش توانای منداڵە لە بەستنەوەی وەرگیراوە هەستییەکان وگوزارشتکردن لێیان بە هێما زمانی ،ونازمانییەکان.

٨-ئامانجی ڕاهێنانکردن لەسەرکارامەیی ناونان بۆمنداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم سنووردارنەکراوە بۆ چارەسەری بەربەستە زمانییەکانی وەک ( درکاندنی پیت و ئاخاوتنی زارەکی )، بەڵکو بنەمایەکی سەرەکییە بۆبەرزکردنەوەی سەرنجی هاوبەش و توانای وەســفکردن و پەرەپێدانی یادگەی زمانەوانی، دەبێتە دەروازەیەکی ســەرەکی بۆ فراوانکردنی تۆڕەکانی تێگەیشــتن و دەربڕین. بەم پێیە، گرنگیدان بە کارامەیی ناونان ،هۆکارێکی ســەرەکییە بۆ بنیاتنانی زمان لای منداڵانی تێکچوونی شەبەنگی ئۆتیزم و ،پشتگیریکردنیان بۆ گەشەکردنی پەیوەندیکردن و سەربەخۆییان لە ئاخاوتندا.

**المصادر والمراجع**

١. - ابراهيم عبدالله فرج الزريقات ،٢٠١٦ ،التوحد:السلوك والتشخيص والعلاج ،ط١،داروائل للطباعة والنشر عمان،الاردن

٢- جيمس بارنتيجون، ٢٠١٤.تقييم اختبار مهارات اللغة والتعلم الاســاســية-المعدل، ترجمة ســميرة الســعد، مركز الكويت للتوحد، الكويت.

٣-خالد الشمري, ٢٠١٩ ، تحليل السلوك التطبيقي وتطبيقاته في التربية الخاصة. الكويت: مكتبة الفلاح.

٤- دنياجريش ، ٢٠٢١ ،اضطراب طيف التوحد،دنياجريش ،ط١،دارالفينق للنشروالتوزيع

٥- رزق فرج رزق ،٢٠٢٣ ،فاعلية برنامج تقييم المهارات اللغوية والتعليمية (ABLLS-R) في تنمية مهارات اللغة الاستقبالية لدى عينة من الأطفال ذوي اضطراب طيف التوحد ، دار النهضنة للطباعة والنشر،القاهرة

٦- سهيل تامر فرح،.٢٠١٤، ،التوحد ،التعريف، الاسباب التشخيص والعلاج، دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع، عمان.

٧- سوسن علي محمد، شتيات، ٢٠١٨فاعلية برنامج تقييم المهارات اللغوية والتعليمية (the ABLLS-R) في تحسين المهارات الاساسية لدى عينة الاردنية من أطفال اضطراب طيف التوحد،دار وائل للطباعن والنشر،عمان، الاردن.

٨- محمود عبد الرحمن الشرقاوي ،٢٠١٨، التوحد ووسائل علاجه ،الطبعة الأولى، دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع، مصر

٩- فوزية بنت عبد الله الجلامدة ،٢٠١٥، قياس وتشخيص اضطرابات طيف التوحد DSM5-DSM4. دار النشر المسيرة، عمان ،الاردن

١٠- موسى سليم المضيربي٢٠١٩ ،إضطراب طيف التوحد فى ضوء نضريـة التماسک المركزي ط١ شركة تكوين العالمية ،م[الامارات المتحدة

١١- نوعيم بولقناطر، ٢٠٢٢،فاعلية برنامج تقييم مهارات اللغة والتعلم (ABLLS-R) في تنمية المهارات الأساسية للأطفال ذوي اضطراب طيف التوحد،ط١، الحكمة للدراسات الفلسفية

١٢- يوسف سليمان، ٢٠٠٩، ذوي احتياجات التربية الخاصة بين التنمية والتنحي، مجلة الطب النفسي الاسلامي النفس المطمئنة. الجمعية العالمية الاسلامية للصحة النفسية بالقاهرة .

**Refernces**

1- American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed.). Arlington, VA: American Psychiatric Publishing.

2--National Autistic Society, (2916), n.d. About us. [online] Available at: https://www.autism.org.uk/ [Accessed 4 September.

3-Stock, R., Mirenda, P., & Smith, I. M. (2013). Comparison of community-based verbal behavior and pivotal response treatment programs for young.

4- Kanner, L., (1943), Autistic Disturbances of Affective Contact. Nervous Child, 2, pp.217–250.

5- Mason, L. L., & Andrews, A. (2014). Referent-based verbal behavior instruction for children with autism. Behavior Analysis in Practice

6- Mohammed Reda El-said (2017). (In order to support the performance of the ABLLS-R series, Cairo, Egypt

7- Partington, J. W. (2006). ABLLS-R Protocol: Assessment of Basic Language and Learning Skills – Revised. Monterey, CA: Behavior Analysts.

8-Skinner, B. F. (1957). Verbal Behavior. Copley Publishing Group, Boston

9-World Health Organization. (2023, November 15). Autism spectrum disorders (Fact sheet). Retrieved from World Health Organization website.(

10-Fink, E., de Rosnay, M., Wierda, M., Koot, H. M., & Begeer,

S. (2014). Brief report:

11- accuracy and response time for the recognition of facial emotions in a large sample of children with autism spectrum disorders. Journal of autism and developmental